# به بەهانەی تیرۆرەوە .. جەماوەری کوردستان سەرکوت مەکەن

## وەڵامێك بە ئاگاداركردنەوەكەی وەزیرۆ ناوخۆی ئیدارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لەم ڕۆژانەدا وەزیری ناوخۆی ئیدارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ناردووە داوای ئەوە لەجەماوەری کوردستان و ڕێکخراوە پیشەیی وجەماوەریەکان دەکات" لەکۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانیان دا دەرفەت بەوە نەدەن لەڕێی ئەو چالاکیانەوە کەوەزارەتی ناوخۆ پێی وایە نەکردنیان لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە و دەستی تیرۆریستان لە توانای دزەکردنی بۆ نێو ئارامی و ئاسایشی گشتی و کەمتر و کورتر دەکاتەوە"ئەم بەهانەو بیانوویەی یەکێتی نیشتمانی لەڕێگای دەزگایەکی وەکو وەزارەتی ناوخۆوە هەوڵێکی تری ئەوانە لەڕاستای کپکردن و سەرکوتکردنی دەنگ و ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان و پێشێلکردنی ئازادی سیاسی لە ژێر ناوی دزەنەکردنی تیرۆردا.

کێ هەیە پێشتر ئاگاداری هەوڵ و ڕێگریەکانی یەکێتی نیشتمانی نەبێ کەنەیتوانی بەر بەهاتنەمەیدان و ڕژانە سەرجادەی جەماوەری ناڕازی خوێندکاران و مامۆستایان بگرێت. ئەمڕۆش هەتا دێت شەپۆلی ناڕەزایەتی لەناو بەشەکانی تری کۆمەڵگای کوردستان بەرفراوانتر و قووڵتر دەبێتەوە، ڕۆژانە و دەنگ و یاداشتی خواست و داواکانیان نیشان دەدەن و مانگرتن و ڕێپێوانەکانیان سازدەکەن. مامەڵەو هەڵسوکەوتی ڕەسمی یەکێتی نیشتمانی لای هەموان ئاشکرا بوو کە بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بدەن پاشەکشە بەم شەپۆلی ناڕەزایەتیە جەماوەریە بکەن و ئیحتواو سەرکوتی بکەن. ئەوان سەرەتا هەموو توانای حزب و ڕێکخستن و ئیدارەو پۆلیس و ئاسایش و ڕێکخراوە زەردەکانی خۆیان خستەگەڕ بەڵام بەرهەقی و حەماس و ڕۆحیەتی بەرزی ناڕەزایەتی جەماوەری خوێندکاران و مامۆستایان پاشەکشەی بەهەموو هەوڵەکانی ئەوان کرد و شەقامەکانیان کردە مەیدانی دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان، تەنانەت ناڕەزایەتی جەماوەریی پەنگ خواردوو سەرکوتکراوی شاری هەولێریش تەکان پێبدەن، لە هەولێر مامۆستایانی ناڕازی دەستیان بۆ شێواز و ئەلگۆی ناڕەزایەتی دەربڕین برد.

لەسایەی هەلومەرجێکی ئاوادایە کەوەزیری ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی لەژێرناوی دزەنەکردنی تیرۆردا داوای ئەوە دەکات خۆپیشاندان نەکرێت. هەربۆیە ئەم پیلانەی یەکێتی نیشتمانی لەڕێگای وەزارەتی ناوخۆوە بێ ئەندازە کۆنەپەرستانە و دژی ئازادی یە. بە پێچەوانەی قسەکانی عوسمانی حاجی مەحمودی وەزیری ناوخۆوە، تیرۆریزمی ئیسلامی لەو شوێنانەدا جێی نابێتەوە کەجەماوەر لەدەوری خواست و داواکاریە ڕۆشن و بەرهەق و ئینسانیەکانی خۆیان کۆبونەتەوە و لەپێناو ژیان و گوزەرانێکی باشتر هاتوونەتە مەیدان. تیرۆریزمی ئیسلامی تەنها لەو مۆڵگە و جەنگەڵانەدا گەشەو چەکەرە دەکات کە بۆنی باروت و خوێن و دوکەڵ و دەنگی تەقەی تفەنگ و بۆردمان و زریکەی منداڵ وهەناسەساردی ئینسانە دەستەوسانەکانی قوژبنی ماڵەکانی لێ دێت و دیاردەی برسێتی و زەلیلی و نەخۆشی و بێماڧی موتڵەق تەنگی بە ژیانی ڕۆژانەی ئینسانەکان هەڵچنی بێت. ئەمە باشترین مۆڵگەیە بۆ دزەکردن و گەشەی کۆمپانیا ئیسلامیە جۆراوجۆرەکان. کۆمەڵگای عێراق نمونە و تەجروبەیەکی ئەم  ڕاستی یەیە، دوای ئەوەی ئەمریکا باشور و ناوەڕاستی عێراقی بەشەڕ و کوشتار و داگیرکاری و خاپورکردن و بۆردمان و تانك و تۆپ و تەیارە و تفەنگ و سەرباز داڕماند و دەزگا خزمەتگوزاریەکان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای داڕووخاند عێراقی کردە جەنگەڵستانێك و خزاندیە ناو  سیناریۆیەکی تاریك و لێڵەوەو کردیە مۆڵگەیەکی گونجاوو لەبار بۆ ئیسلامی سیاسی. لەلایەکەوە ئەمریکا دەستی بەشێك لەم هێزە ئیسلامیە تاریك و کۆنەپەرستانەی گرتووە و لەسەر کورسی دەسەڵات دایناشاندوون لەلایەکی تریشەوە بەشێکی تری ئیسلامی سیاسی لەهەموو سوچێکی جیهانەوە باروت و تی ئێن تی و بەشەری دۆگمکراو بۆ کردەوەی خۆکوژی ڕەوانەی ئەم وڵاتە وێرانەیە دەکەن.

بەپێچەوانەشەوە  کۆڕ و کۆبوونەوە و هاتنەمەیدانی جەماوەرێکی ناڕازی و هوشیار و خاوەن یاداشتی خواست و داواکاری ڕۆشن و بەرهەق و ئینسانی بچوکترین بواری نەك بۆ ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی بەڵکو بۆ هیچ هێزێکی سیاسی نەهێشتووەتەوە کە تەکلیفی پۆزەتیفانە و بەکردەوەی خۆی لەگەڵ خواست و داواکاری و ماف و ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکانی جەماوەردا ڕۆشن نەکردبێتەوە بتوانێت هەنگاوێك نزیکی جەماوەر و چالاکیەکانیان ببێتەوە. تەنانەت ئەو ڕێکخراوە پیشەیی و حزبانەی تا دوێنێ خۆیان بە نوێنەری جەماوەر لەقەڵەم دەدا ڕیسوا بوون و کەوتنە بەر ڕەخنە و توانجی جەماوەرەوە و هێندەی تر لەخۆیان دوورخستەوە چونکە بەکردەوە ئەوانە نوێنەری خواست و داواکاریەکانی جەماوەر نەبوون.  لەو کاتانەدا کەجەماوەری ناڕازی بە داواکاری و پلاتفۆرمی ڕۆشنەوە بۆ باشترکردنی ژیان و مافە

مەدەنی و سیاسی و چارەنوسی خۆیان بەئاشکرا ناڕەزایەتی دەردەبڕن و چالاکی دەنوێنن لەمەیداندان، ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی سڕ و مات دەبن و ڕۆژانی مەرگی داهاتووی خۆیان دەژمێرن.

ئەگەر حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەڕاستی دەیانەوێ کۆنەپەرستی ئیسلامی و تیرۆریزمی ئیسلامی چی تر دزە نەکاتە کوردستانەوە دەست لەسیاسەتی خۆگرێدانەوە بە ئەمریکاو سیاسەتەکانی هەلگرن ، دەست لە هاوپەیمانێتی و دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ هێزە تاریك و کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان هەلگرن. چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە عێراقێکی داگیرکراوو حکومەتێکی ئیسلامی و کۆنەپەرستەوە نەبەستنەوە. مافی خەڵکی کوردستان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا بەڕەسمی بناسن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆو سکۆلار لەکوردستاندا.

هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی لەکوردستاندا ئاکامی سیاسەتەکانی ئەمریکا وخۆگرێدانەوەی دەسەڵاتدارانی ئەمرۆی کوردستانە بەسیاسەتەکانی ئەمریکاوە و گرێدانەوەی کوردستانە بە عێراقی ئەمڕۆی پڕ نائارامی و تیرۆر و شەڕ و ململانێی قەومی و دینی یەوە . لەئەستۆی ئەواندایە.

سامان ئەحمەد

2005 /5 /15